Research & Development Organization

ڕێکخراوی لێکۆڵینەوەو گەشەپێدان

**ڕێکخراوی لێکۆڵینەوەو گەشە پێدان ( RDO )**

Research and Development Organization

# پرۆژەی چاودێریکردنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ( 2018 )

## ڕاپۆرتی ساڵی یەکەم

( 2018/9/30 ــ 2019/9/30 )

## پێشەکی

لەڕۆژی (2018/9/30) هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان چونە سەر سندوقەکانی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی خوولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان.

دوای پەسندکردنی ئەنجامەکان لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی لەهەرێمی کوردستان، لەڕۆژی (2018/11/6) دا، یەکەم دانیشتنی خوولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو. بەپێی پێڕەوی ناوخۆ، ئەم دانیشتنە لەلایەن بەتەمەنترین ئەندامی پەرلەمان بەڕێوەچوو (ڕێڤنگ محەممەد هروری) کە لەلیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، ئەندامانی پەرلەمان یەکە بەیەکە سوێندی یاساییان خوارد. بەهۆی ئەوەی ناکۆکی زۆر لەنێوان لیستەکانی پەرلەمان هەبوو لەبارەی دامەزراندنی کابینەی تازەی حکومەت، بۆیە سەرۆکی کاتی پەرلەمان ڕایگەیاند "زۆربەی فراکسیۆنەکان پێشنیاریان کردووە دانیشتنەکە بەکراوەیی بهێڵدرێتەوە تاوەکو لایەنە سیاسییەکان دەگەنە ڕێککەوتن لەسەر شێوازی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت". ئینجا سەرۆکی کاتی ئەم پێشنیارەی خستە دەنگدان، بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان پەسندکرا، ئەمیش بۆیە کۆبوونەوەکەی بەکراوەیی هێشتەوە، تا ئەو کاتەی لیستەکان دەگەنە ڕێکەوتن، بەوەش کۆتایی بەدانیشتنەکە هێنا.

## دانیشتنەکانی پەرلەمان

دوای تێپەڕینی نزیکەی دوو مانگ و نیو، لەڕۆژی (2019/2/18) دا، پەرلەمانی کوردستان بەبێ ئامادەبوونی هەردوو فراکسیۆنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، دەستی بەتەواوکردنی دانیشتنە کراوەکەی خۆی کردەوە.

لەم دانیشتنەدا دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵبژێردرا. د. ڤاڵا فەرید کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان بە (63) دەنگ بەسەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێردرا، هەروەها هێمن ئەحمەد هەورامی بە (68) دەنگ بەجێگری یەکەمی سەرۆك و، مونا نەبی بە (60) دەنگ بەجێگری دووەمی سەرۆك هەڵبژێردرا. لەم دانیشتنەی پەرلەماندا لەکۆی (111) ئەندامی پەرلەمان، (76) ئەندام بەشدارییان کردوو، (35) ئەندامیش بایکۆتی ئەم دانیشتنەیان کرد. بەهەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی، بڕیاری ژمارە (1) ی دانیشتنی دەسپێکی خوولی هەڵبژاردنی پێنجەم لەڕۆژی (2019/2/18) بەئیمزای ڕێڤینگ محەممەد هروری سەرۆکی کاتی پەرلەمان، دەرچوو.

دانیشتنی (1) ی نا ئاسایی ساڵی یەکەم لەخوولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، لەڕۆژی (2019/2/26) بەسەرۆکایەتی دەستەی تازەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، بۆ هەڵبژاردنی لێژنەی یاسایی بەڕێوەچوو، بێ ئەوەی فراکسیۆنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەشداری لەم لێژنەیەدا بکات. هەروەها لەم دانیشتنەدا سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی ڕەخنەی لەدەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان گرت کە هیچ ئەندامێکی فراکسیۆنەکەیان لەلێژنەی یاسایی دانەنراوە. بەهەڵبژاردنی لێژنەی یاسایی، بڕیاری ژمارە (2) ی دانیشتنی نا ئاسایی ژمارە (1) ی خوولی هەڵبژاردنی پێنجەم لەڕۆژی (2019/2/18) بەئیمزای دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، دەرچوو. بەوەش کۆبوونەوە نا ئاساییەکانی پەرلەمان تەواو بوون و پەرلەمانی کوردستان چووە ناو وەرزی بەهارەی ساڵی یەکەمی خوولی پێنجەم و کۆبوونەوە ئاساییەکانی پەرلەمان دەستیان پێکرد.

لەڕۆژی (2019/3/1) دا، دانیشتنی ژمارە (1) ی ئاسایی خوولی بەهارەی پەرلەمان بەڕێوەچوو، ئەم دانیشتنە زیاتر دانیشتنێکی پرۆتۆکۆلی بوو بۆ کردنەوەی خوولی بەهارەی پەرلەمان، کە عورف وایە سەرۆکی پەرلەمان وتارێکی تێدا پێشکەش دەکات لەبارەی ئەرکە چاوەڕوانکراوەکانی ئەم خوولەی پەرلەمان.

دانیشتنی ژمارە (2) ی ئاسایی ساڵی یەکەم لەخوولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، لەڕۆژی (2019/3/12) بەڕێوەچوو. لەم دانیشتنەدا (14) لێژنەی هەمیشەیی پەرلەمان هەڵبژێردران. هەروەها دوو ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش بۆ لێژنەی یاسایی بەبڕیاری ژمارە (3) ی پەرلەمان دەنگیان لەسەردرا. بەهەڵبژاردنی ئەم دوو ئەندامە تازەیە بۆ لێژنەی یاسایی، بڕیاری ژمارە (3) ی دانیشتنی ئاسایی ژمارە (2) ی خوولی هەڵبژاردنی پێنجەم لەڕۆژی (2019/3/12) بەئیمزای دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، دەرچوو. هەر لەو دانیشتنەشدا، بڕیاری ژمارە (4) ی دانیشتنی ئاسایی ژمارە (2) ی خوولی هەڵبژاردنی پێنجەم لەڕۆژی (2019/3/12) بەئیمزای دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، دەرچوو، کە تایبەت بوو بەپێکهێنانی ئەم لێژنە هەمیشەییانەی پەرلەمان: (لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، لیژنەی پێشمەرگەو ناوخۆو ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێیەکان، لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری، لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگەو مافی بەکاربەر، لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆسایدو زیندانیانی سیاسی، لیژنەی پەیوەندییەکان و

ڕەوەندی کوردستانی، لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، لیژنەی وزەو سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی، لیژنەی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن و گەشتوگوزارو ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنان، لیژنەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان، لیژنەی دەسپاکی و کاروباری پەرلەمان و سکالا، لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردن لەماق ئافرەت و ماف مرۆڤ).

دانیشتنی ژمارە (3) ی ئاسایی ساڵی یەکەم لەخوولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، لەڕۆژی (2019/3/30) بەڕێوەچوو. لەم دانیشتنەدا پێشنیاری کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم خرابووە ڕوو کە بەیاسای ژمارە (2) ی ساڵی (2017) دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لەنێوان سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەرییەوە دابەشکرا بوو، هەروەها لەخوولی چوارەمی پەرلەماندا بەژمارە یاسای (10) ی ساڵی (2018) دا، دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمیش هەڵپەسێردرابوو، خرابووە بەرنامەی کار.

دوای خوێندنەوەی (پێشنیازی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ــ عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسندکردنی دەستوور) کە بەئیمزای (68) پەرلەمانتار ئاڕاستەی لێژنەی یاسایی کرابوو، لەنێو لێژنەی یاساییش بەئیمزای (7) پەرلەمانتار بۆ سەرۆکایەتی نێردرا بوو، لەلایەن لێژنەی یاسایی خوێنرایەوە، دواتر لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە ئاڕاستەی لێژنەکە کرایەوە تاوەکو ڕاپۆرتی کۆتایی لەبارەیەوە بنووسرێت.

دانیشتنی ژمارە (4) ی ئاسایی ساڵی یەکەم لەخوولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، لەڕۆژانی (2 ــ 2019/4/3) بەڕێوەچوو، کە تایبەت بوو بەخوێندنەوەی دووەمی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، وتووێژکردن لەبارەی ئەم یاسایە.

دانیشتنی ژمارە (5) ی ئاسایی ساڵی یەکەم لەخوولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، لەڕۆژانی نێوان (4/10 ــ 2019/5/8) بەڕێوەچوو، لەم دانیشتنانەدا دوای وتووێژ، پێشنیازی یاسای کراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، بەدەنگی (89) پەرلەمانتار، بەیاسای ژمارە (1) ی ساڵی (2019) پەسندکرا. لەم یاسایە تازەیەدا سەرۆکی هەرێم لەبری یەك جێگر، دوو جێگری دەبێت و دەسەڵاتەکانیان لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە دیاری دەکرێت و، هەروەها سەرۆکی هەرێمیش لەنێو پەرلەماندا هەڵدەبژێرێت. ئەم یاسایە وەکو بڕیاری ژمارە (5) ی پەرلەمانی کوردستان، لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئیمزاکراوە.

دانیشتنی ژمارە (6) ی ئاسایی ساڵی یەکەم لەخوولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، لەڕۆژی (2019/5/28) بەڕێوەچوو، بڕیاری ژمارە (6) ی پەرلەمانی کوردستان دەرچوو، کە تایبەت بوو بەهەڵبژاردنی نێچیرڤان بارزانی بەسەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەپشت بەستن بەحوکمەکانی بڕگە (1) ی مادەی (56) لەیاسای ژمارە (1) ی ساڵی (1992) هەموارکراوی و خاڵی (5،6) لەبڕگەی یەکەمی مادەی (4) لەیاسای ژمارە (1) ی ساڵی (2019) ی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو. ئەم بڕیارە بەئیمزای د. ڤالا فەرید سەرۆکی پەرلەمان لەڕۆژی (2019/5/28)، دەرچوو.

دانیشتنی ژمارە (7) ی ئاسایی ساڵی یەکەم لەخوولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، لەڕۆژی (2019/6/10) بەڕێوەچوو، کە تایبەت بوو بەڕێکارەکانی سوێندخواردنی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئینجا دوای بەڕێوەچوونی پرۆسەی سوێندخواردنەکە، هەندێك لەمیوانەکانی ئەم ڕێوڕەسمە وتاریان خوێندەوەو، پاشان سەرۆکی تازەی هەرێم وتارێکی پێشکەشکرد. دواتر پرۆسەی ناونانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی بەڕێوەچوو. ئەم کۆبوونەوەیە لەتەلاری پەرلەمان بەڕێوەنەچوو، بەڵکو گوازرابۆوە بۆ هۆڵی شەهید سەعد عەبدوڵڵاو لەوێ بەڕێوەچوو.

دانیشتنی ژمارە (8) ی ئاسایی ساڵی یەکەم لەخوولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، لەڕۆژی (2019/6/11) بەڕێوەچوو، لەم دانیشتنەدا بڕیاری ژمارە (7) ی پەرلەمانی کوردستان دەرچوو، کە تایبەت بوو بەناوزەدکردنی مەسرور بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، کە بەپشت بەستن بەحوکمەکانی بڕگە (3) ی مادەی (56) لەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) هەموارکراو لەپەرلەمانی کوردستان لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (8) ی ڕۆژی (2019/6/11) بەڕێوەچوو. ئەم بڕیارە بەئیمزای د. ڤالا فەرید سەرۆکی پەرلەمان لەڕۆژی (2019/6/11)، دەرچوو.

دانیشتنی ژمارە (9) ی ئاسایی ساڵی یەکەم لەخوولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، لەڕۆژی (2019/6/30) بەڕێوەچوو، لەم دانیشتنەدا بڕیاری ژمارە (8) ی پەرلەمانی کوردستان دەرچوو، کە تایبەت بوو بەدرێژکردنەوەی خوولی بەهارەی ساڵی یەکەم لەخوولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان کە بەپێی پێڕەوی ناوخۆ دەبووایە لەڕۆژی (2019/6/30)

کۆتایی پێ بێت. بەپێی ئەم بڕیارە خووڵی بەهارە تاوەکو ڕۆژی (2019/7/15) درێژکرایەوە کە دەکاتە تەنیا دوو هەفتە.

دانیشتنی ژمارە (10) ی ئاسایی ساڵی یەکەم لەخووڵی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، لەڕۆژی (2019/7/6) بەڕێوەچوو، تێیدا خوێندنەوەی یەکەم بۆ سێ پێشنیازی یاسایی خوێنرانەوەو، دوای خوێندنەوەیان لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئاڕاستەی لێژنە پێوەندیدارەکان کران. پێشنیازە یاساییەکان بریتی بوون لە (پێشنیازی یاسای مرۆڤ سازی لەهەرێمی کوردستان)، (پێشنیازی یاسای بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لەسنوری شارەوانییەکان لەهەرێمی کوردستان). (پێشنیازی یاسای هەمواری یاسای ژمارە (3) ی ساڵی (2009) ی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان).

دانیشتنی ژمارە (11) ی ئاسایی ساڵی یەکەم لەخووڵی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، لەڕۆژی (2019/7/7) بەڕێوەچوو، تێیدا خوێندنەوەی دووەم بۆ یاسای هەمواری یاسای ژمارە (3) ی ساڵی (2009) ی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کرا.

دانیشتنی ژمارە (12) ی ئاسایی ساڵی یەکەم لەخووڵی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، لەڕۆژی (2019/7/8) بەڕێوەچوو، پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (2) ی ساڵی (2019)، کە بریتی بوو لەیاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (3) ی ساڵی (2009) ی پەسندکرد بەناوی (یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق). ئەم یاسایە لەپێنج مادە پێکهاتبوو، بەپێی مادەی یەکەمی ئەم هەموارە یاساییە، هەڵبژاردنی پارێزگاری شارەکان لەدەرەوە یا لەنێوان ئەندامانی ئەنجومەن دەبێت، بەو مانایەی مەرج نییە پارێزگار ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا بێت و بەشداری لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان کردبێت وەکو ئەوەی لەنێو یاساکەی پێشتردا هەبوو. ئەوەش دووەم یاسا بوو کە پەرلەمانی کوردستان لەم خوولەدا دەری بکات، دوای دەرکردنی یاسای ژمارە (1) ی تایبەت بەکاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم.

دانیشتنی ژمارە (13) ی ئاسایی ساڵی یەکەم لەخووڵی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، لەڕۆژی (2019/7/10) بەڕێوەچوو، لەم دانیشتنەدا بڕیاری ژمارە (9) ی پەرلەمانی کوردستان دەرچوو، کە بەپشت بەستن بەبڕگەی (4) ی مادەی (56) لەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) هەموارکراو، مادەی شەشەم ی یاسای ژمارە

(3) ی ساڵی (1992) ی هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (13) ی خۆیدا، بڕیاری ژمارە (9) ی دەرکرد، کە تایبەت بوو بەیەکەم: متمانەدان بەسەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران. دووەم: خوێندنەوەی ناوی وەزیرەکان لەلایەن سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ متمانە پێدان. سێیەم: خوێندنەوەی هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کابینەی وەزاری نۆیەم لەلایەن سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە. بەم شێوەیە کابینەی وەزاری نۆیەمی هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتی مەسرور بارزانی و قوباد تاڵەبانی وەکو جێگری سەرۆك و، (21) وەزیر پێکهاتبوو. ئەم بڕیارە بەئیمزای هێمن هەورامی جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان دەرچووە.

دانیشتنی ژمارە (14) ی ئاسایی ساڵی یەکەم لەخوولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، لەڕۆژی (2019/7/11) بەڕێوەچوو، لەم دانیشتنەدا بڕیاری ژمارە (10) ی پەرلەمانی کوردستان دەرچوو، کە بەپشت بەستن بەمادەی (48) لەیاسای ژمارە (1) ی ساڵی (1992) هەموارکراوو، حوکمی بڕگەی چوارەمی مادەی (15) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمان بڕیاریدا بەهەڵبژاردنی د. ڕێواس فایق بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان. هەروەها لەم دانیشتنەدا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ پێشنیازی بریاری دیارکردنی ڕۆژی (2014/8/3) وەکو ڕۆژی کۆمەڵکوژی ئێزدییەکان، بەڕێوەچوو.

دانیشتنی ژمارە (3) ی نا ئاسایی ساڵی یەکەم لەخوولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، لەڕۆژی (2019/8/3) دا، بەڕێوەچوو. لەم دانیشتنەدا بڕیاری ژمارە (11) ی پەرلەمانی کوردستان دەرچوو، کە تێیدا پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا ڕۆژی (8/3) ی هەموو ساڵێك، بەڕۆژی جینۆسایدی ئێزدییەکان لەسەر دەستی دەوڵەتی ئیسلامی دیاری بکرێت.

دانیشتنی کردنەوەی خوولی پاییزەی گرێدان لەساڵی یەکەمی خوولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، لەڕۆژی (2019/9/1) بەڕێوەچوو. لەدەسپێکی ئەم دانیشتنەدا د. ڕێواز فایق وتارێکی پێشکەشکردو تێیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لەوەتەی ئەم خوولەی پەرلەمان دەستبەکار بووە، (3) پێشنیازە یاساو بڕیار پەسندکراون. (14) پێشنیازە یاساو بڕیار ئاڕاستەی حکومەت کراون. (2) پێشنیازە یاسا مەرجی ڕواڵەتی پێشنیازە یاسایان تێدا نەبووەو گێڕدراوەتە بۆ ئەو پەرلەمانتارانەی کە واژوویان لەسەر کردووە، بۆ ئەوەی چاکی بکەنەوە. (1) پێشنیازە یاسا ئاڕاستەی حکومەت کراوە بۆ ئامادە بوون لەکۆبوونەوەی لێژنەی تایبەتمەند. (6) پێشنیازە یاساو بڕیار ئامادە کراون بۆ خوێندنەوەی یەکەم. (2) پێشنیازە یاسا بەزمانی عەرەبی

نووسراون و نێردراون بۆ وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی. (1) پێشنیازە یاسا لەلایەن لیژنەی یاسایی ڕەتکراوەتەوە. (2) پێشنیازە یاسا هێشتا ئاراستەی لیژنەی یاسایی نەکراوە. (1) پێشنیازە یاسا ئاراستەی لیژنەی یاسایی کراوەو هێشتا نەنێردراوەتەوە بۆ سەرۆکایەتی. (2) پێشنیازە یاسا لەلایەن ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران پێشکەشکراون، بەڵام حکومەت پێشتر داوای گێڕاندنەوەیانی کردبوو، بۆیە ئاراستەی حکومەت کراونەتەوە. ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێت، بریتییە لەوەی تا کردنەوەی وەرزی پاییزەی خوولی پەرلەمانیش، حکومەت هیچ پڕۆژە یاسایەکی بۆ پەرلەمان نەناردووە تاوەکو کاری لەسەر بکرێت.

دانیشتنی ژمارە (1) ی ئاسایی ساڵی یەکەم لەخوولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، لەڕۆژی (2019/9/17) دا، بەڕێوەچوو. لەم دانیشتنەدا پێشنیازی هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان خرایە ڕوو، لەگەڵ خوێندنەوەی یەکەم بۆ (6) پێشنیازی یاسایی کە ئیمزای ژمارەی پێویستی پەرلەمانتاری لەسەر کۆکراوەتەوە. پێشنیازە یاساکان بریتی بوون لە (بەرکارکردن و هەمواری یاسای بەرەنگاربوونەوەی قاچاغیکردن بەنەوت و بەرووبوومەکانی ژمارە 41 ی ساڵی 2088). پێشنیازە یاسای (بەرکارکردنی یاسای فیدراڵی پاراستنی بەرهەمە عێراقییەکان ژمارە 11 ی ساڵی 2010 ی هەموارکراو). پێشنیازە یاسای (ڕێکخستن و یەکخستنی عەلوەکان). پێشنیازە یاسای (بەرکارکردنی یاسای فیدراڵی واژووی ئەلیکترۆنی و مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان ژمارە 78 ی ساڵی 2012). پێشنیازە یاسای (بەرکارکردن و هەمواری یاسای گرتنی مایەی قاچاغ و قەدەغەکراو بۆ ئاڵوگۆڕکردن لەبازاڕە نێوخۆییەکان ژمارە 18 ی ساڵی 2088 ی هەموارکراو). پێشنیازە یاسای (بەرکارکردن و هەمواری یاسای هاوردەو فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان ژمارە 9 ی ساڵی 2006).

دانیشتنی ژمارە (2) ی ئاسایی ساڵی یەکەم لەخوولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، لەڕۆژی (2019/9/25) دا، بەڕێوەچوو. لەم دانیشتنەدا خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازی هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کرا.

دانیشتنی ژمارە (3) ی ئاسایی ساڵی یەکەم لەخوولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، لەڕۆژی (2019/9/29) دا، بەڕێوەچوو. لەم دانیشتنەدا دەنگدان لەسەر هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کرا.

## خوێندنەوەیەك بۆ كارەكانی پەرلەمانی كوردستان لەماوەی ساڵی یەكەمیدا

1) پەرلەمانی كوردستان لەماوەی یەك ساڵدا (2018/9/30 ـ 2019/9/30)، تەنیا دوو یاسای دەركردووە، كە بریتی بوون لەیاسای ژمارە (1) ی ساڵی (2019) تایبەت بەكاراكردنەوەی دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێم و، یاسای ژمارە (2) ی ساڵی (2019) تایبەت بەهەمواركردنەوەی یاسای پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان. یاسای یەكەم لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانەوە ئیمزاكراوەو بڕیاری ژمارە (5) ی بۆ دەرچووە، چونكە ئەو كات سەرۆكایەتی هەرێم هەڵپەسێردرا بوو و، هێشتا سەرۆكی نوێ هەڵنەبژێردرا بوو. بەڵام، یاسای دووەم لەلایەن سەرۆكی هەرێمەوە ئیمزاكراوە.

2) پەرلەمانی كوردستان لەماوەی یەك ساڵدا، تەنیا (11) بڕیاری دەركردووە. (6) بڕیاری تایبەت بووە بەڕێكخستنی ئیش و كارەكانی خۆی و دانانی لێژنەكان و متمانەدان بەئەندامی تازە لەجێگای ئەوانەی دەستیان لەكاركێشاوەتەوەو، هەڵبژاردنی سەرۆكی تازەی پەرلەمان لەجێگای سەرۆكی پێشوو، (1) بڕیاریشی تایبەت بوو بەدرێژكردنەوەی خوولی بەهارەی خۆی بۆ ماوەی دوو هەفتە. (1) بڕیاری تایبەت بووە بەهەڵبژاردنی سەرۆكی تازەی هەرێم و، (2) بڕیاریشی تایبەت بوون بەناوزەدكردنی سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران و متمانەپێدانی. (1) بڕیاری تریشی تایبەت بوو بەدەستنیشانكردنی ڕۆژی جینۆسایدی ئێزدییەكان.

3) لەكۆی ئەم (11) بڕیارەدا (1) بڕیار كە بڕیاری یەكەمە، بەئیمزای سەرۆكی (كاتی) تەمەن بووە، بڕیارەكانی تر بەئیمزای سەرۆك یا جێگری یەكەمی پەرلەمان بووە. لەسەردەمی سەرۆكایەتی د. ڤاڵا فەرید (7) بڕیار دەركراوە، لەسەردەمی د. ڕیواس فایق (1) بڕیار دەرچووەو، (2) بڕیاریش بەئیمزای هێمن هەورامی جێگری یەكەمی سەرۆك دەرچووە.

4) لەماوەی یەك ساڵدا، پەرلەمانی كوردستان تەنیا (14) دانیشتنی ئاسایی و، (3) دانیشتنی نا ئاسایی ئەنجامداوە.

5) لەماوەی یەك ساڵدا پەرلەمانی كوردستان خوێندنەوەی تەنیا بۆ (10) پێشنیازی یاساییكردووە، (2) لەم پێشنیازانە بوونەتە یاسا، بەڵام (8) پێشنیازەكەیتر نەچوونەتە قۆناغی دەرچوون وەكو یاسا. هەمواركردنەوەی یاسای سەرۆكایەتی هەرێم و،

هەموارکردنەوەی یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان بوونە یاساو مەرسومیان پێدەرکرا. بەڵام، پێشنیازە یاساییەکانی تری وەکو (مرۆڤ سازی لەهەرێمی کوردستان)، هەروەها (بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لەسنوری شارەوانییەکان لەهەرێمی کوردستان)، (بەرکارکردن و هەمواری یاسای بەرەنگاربوونەوەی قاچاغیکردن بەنەوت و بەرووبوومەکانی ژمارە 41 ی ساڵی 2088)، (بەرکارکردنی یاسای فیدرالی پاراستنی بەرهەمە عێراقییەکان ژمارە 11 ی ساڵی 2010 ی هەموارکراو)، (ڕێکخستن و یەکخستنی عەلوەکان)، (بەرکارکردنی یاسای فیدرالی واژووی ئەلیکترۆنی و مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان ژمارە 78 ی ساڵی 2012)، (بەرکارکردن و هەمواری یاسای گرتنی مایەی قاچاغ و قەدەغەکراو بۆ ئاڵوگۆڕکردن لەبازاڕە نێوخۆییەکان ژمارە 18 ی ساڵی 2088 ی هەموارکراو)، (بەرکارکردن و هەمواری یاسای هاوردەو فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان ژمارە 9 ی ساڵی 2006)، نەگەیشتوونەتە قۆناغی کۆتایی تاوەکو ببنە یاساو مەرسومیان پێدەربچێت.

## هەڵسەنگاندنێك بۆ بەڵێنی هەڵبژاردنەکانی چوار لیستی گەورەی پەرلەمانی کوردستان

وەکو ئەوەی لەپێشەکی ئەم ڕاپۆرتەدا ئاماژەمان بۆ کردووە، ڕاپۆرتی چاودێری بەڵێنی هەڵبژاردنەکان کە لەلایەن ڕێکخراوەکەمان بەڕێوە دەچێت، تەنیا چاودێری چوار لیستی گەورەی براوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی (2018) دەکات، کە بریتین لەلیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بە (45) کورسی، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە (21) کورسی، بزووتنەوەی گۆڕان بە (12) کورسی، نەوەی نوێ بە (8) کورسی.

لەکاتی پێداچوونەوەو بەراوردکردنەوەی یەك ساڵ ئیشکردنی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی ئەم چوار لیستەدا، بۆ مان دەردەکەوێت ئەم چوار لیستە بەڵێن و بەرنامەی هەڵبژاردنیان نەنووسیوە، بەڵکو ئەوەی بەناوی بەرنامەی لیستی هەڵبژاردن خستبوویانە ڕوو، بەرنامەی کاری حکومەت بووە، نەوەکو بەڵێنی هەڵبژاردن بۆ لیستێکی پەرلەمانی، لەبەرئەوەی بەشی هەرە زۆری بەرنامەکان تایبەتە بەکاری حکومەت، نەوەکو بەڵێن بوو بێت بۆ دارشتنی یاسایی لەپەرلەمانی کوردستاندا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە لێرەدا یەکە بەیەکە بە بەرنامەی لیستەکاندا دەچینەوە تاوەکو بزانین لەماوەی ساڵی یەکەمی ئیشکردنی پەرلەمانی

کوردستاندا، چەند بەڵێنیان جێبەجێکردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، لەکاتی پێداچوونەوەو خوێندنەوەی بەرنامەو بەڵێنی هەڵبژاردنی لیستەکاندا، تێبینی ئەوە دەکەین ئەو (8) پێشنیازە یاساییەی لەماوەی یەك ساڵی تەمەنی پەرلەماندا خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوەو، هێشتا نەگەیشتوونەتە قۆناغی کۆتایی تاوەکو ببنە یاسا، بەشێوەیەك لەشێوەکان ئەگەر بەڕوونیش نەبێت، بەڵام لەنێو بەڵێنی هەڵبژاردنی لیستەکاندا ئاماژەیان بۆ کراوە، لەبەرئەوەی نەچوونەتە قۆناغی کۆتایی و نەبوونەتە یاسا، بۆیە وا تەماشایان ناکەین کە بەڵێنی جێبەجێکراون، بەڵکو تەنیا هەوڵن بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەڵێنانە.

## یەکەم: لیستی ژمارە (183) ی پارتی دیموکراتی کوردستان.

بەرنامەی لیستی پارتی لە (10) بەش پێکهاتووە، هەر بەشێك دابەش دەبێتە سەر چەندین تەوەرو سێکتەری جیاواز بەجۆرێك بەرنامەکە ئەوەندە فراوانەو ئەوەندە بەڵێنی هەڵبژاردنی تێدایە کە هەندێکیان جێبەجێکردنیان ئەستەمەو، هەندێکی تریشیان هیچ پێوەندی بەپەرلەمانی کوردستانەوە نییە.

بەشی یەکەمی بەرنامەی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان (10) بەڵێنی هەڵبژاردن لەخۆ دەگرێت. بەشی دووەم (11) بەڵێنی تێدایەو، بەشی سێیەمیش (8) بەڵێن و، بەشی چوارم (3) بەڵێن و، بەشی پێنجەم (4) بەڵێن و ، بەشی شەشەم (5) بەڵێن و، بەشی حەوتەم (5) بەڵێن و، بەشی هەشتەم (6) بەڵێن و، بەشی نۆییەم (4) بەڵێن و بەشی دەیەم (4) بەڵێن لەخۆ دەگرێت. کۆی بەڵێنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ دەنگدەرانی، بریتییە لە (60) بەڵێنی هەڵبژاردن کە پێویست دەکات لەماوەی چوار ساڵی خوولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا جێبەجییّان بکات.

بەشێك لەم بەڵێنانە پێوەندییان بەپەرلەمانی کوردستانەوە نییە، بەو مانایەی بەڵێن نین بۆ دانانی یاسایەکی پەرلەمانی، یا دەرکردنی بڕیارێکی پەرلەمانی، بەڵکو بەشێکن لەکاری حکومەت، وەکو دەزانین جیاوازی هەیە لەنێوان بەڵێنەکانی هەڵبژاردن کە لیستەکان بەدەنگدەری خۆیانی دەدەن، لەگەڵ بەرنامەی حکومەت کە لەلایەن هاوپەیمانی حکومییەوە پێشکەش بەپەرلەمانی کوردستان کراوە.

بۆ نموونە، بەشێك لەبەڵێنەکانی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان، بریتییە لەوانەی خوارەوە:

- "جێبەجێکردنی مادەی (140) ی دەستووری پێداگیری لەسەر گەڕاندنەوەی هەموو ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و دیاریکردنی سنووری کوردستان و کۆتاییهێنان بەدواخستن و خۆدزینەوە لەجێبەجێکردنی".
- "ڕێکخستنی نوێنەرایەتی و پەیوەندییەکان و گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی لەچوارچێوەی دەستووردا".
- "کارکردن بۆ چارەسەرکردنی گرفتی ئاوارەکان بەگشتی و باشترکردنی باروگوزەرانیان. هاوکات هەوڵدان و هاوکاری لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ دابینکردنی سەقامگیریی لەناوچەکانیان بەمەبەستی گەڕانەوەیەکی شەرافەتمەندانەو سەربەرزانەو ژیانێکی ئاسوودە".

ئەم سێ خاڵە نموونەیەکی زۆر بچووکن لەبارەی گشتگیری بەڵێنەکان و ئەستەمی جێبەجێکردنیان، چونکە پێوەندییان بەکاری پەرلەمانییەوە نییەو بەرپرسیارێتی حکومەتی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بۆیە ئەو بەڵێنانەی لیستی (183) ی پارتی داویانەتە دەنگدەرانیان، بەشێکن لەکارنامەی حکومەت و پێوەندییان بەکاری پەرلەمانییەوە نییە، کە لەسەر سێ بنەما وەستاوە کە بریتین لە (یاسادانان، پەسندکردنی بودجەو حیساباتی کۆتایی، چاودێری کاری حکومەت). بۆیە جگە لەم تێبینییانە لەبارەی بەڵێنەکان، ئێستا بەچەند خاڵێك ڕادەی جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی لستی پارتی دەخەینە ڕوو:

1) لەماوەی یەك ساڵی تەمەنی خوولی پێنجەمی پەلەمانی کوردستاندا، لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ یەکێك لەم (60) بەڵێنەی جێبەجێ نەکردووەو بەدینەهێناوە کە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا بانگەشەی بۆ کردووە.
2) کار بۆ جێبەجێکردنی یەکێك لەم بەڵێنانە کراوە کە تایبەت بوو بە "نووسینەوەی دەستوورێکی کوردستانی هاوچەرخ، کە ببێتە مەرجەعی چارەی گرفتەکان و گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی سیاسی، کە مافی هەموو پێکهاتەکانی کوردستان دەستنییشان و دابین بکات". بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەڵێنە لیستی پارتی لەسەر ئاستی دەستەی سەرۆکایەتی سەرۆکی پەرلەمان هەنگاوێکی هاوێشتووە، بەڵام هەنگاوەکە لەساڵی

یەکەمدا زۆر لەسەرەتادایەو، دیار نییە کەی دەگاتە قۆناغی کۆتایی کە بریتییە لەپەسندکردنی دەستوورو ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەبارەیەوە. بۆیە ئەگەرچی کاری بۆ کراوە، بەڵام جێبەجێ نەکراوە.

3) یەکێك لەبەڵێنە گرنگەکانی لیستی پارتی، بریتییە لەدانانان بەوەی چوار ساڵە بودجە لەکوردستاندا نەبووە، بۆیە جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە "جارێکی دیکەو بەپێی ئەولەوییەتی سێکتەرە هەرە پێویستەکان و بۆ خزمەتی پرۆسەی گەشەپێدان و لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و کەمکردنەوەی خەرجییەکان گەڵاڵە بکرێت". ئەم بەڵێنەش لەمیانەی کارکردنی پەرلەمان لەساڵی یەکەمدا جێبەجێ نەکراوە تا ئێستا پەرلەمان هیچ بودجەیەك و حیساباتێکی کۆتایی لەلایەن حکومەتەوە پێنەگەیشتووە.

## دووەم: لیستی ژمارە ( 105 ) ی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

بەرنامەی لیستی یەکێتی لە (5) بەش پێکهاتووە، هەر بەشێك دابەش دەبێتە سەر چەندین مادەو سێکتەری جیاواز، بەجۆرێك بەرنامەکە ئەوەندە فراوانەو ئەوەندە بەڵێنی هەڵبژاردنی تێدایە کە هەندێکیان جێبەجێکردنیان ئەستەمەو، هەندێکی تریشیان هیچ پێوەندی بەکاری پەرلەمانی کوردستانەوە نییە.

ئەو بەڵێنانەی یەکێتی بەدەنگدەرانی خۆیداوە، بریتییە لەپێشەکییەکی (9) خاڵی، ئینجا لەبەشی یەکەمدا (17) بەڵێنی هەڵبژاردنی بەدەنگدەرانی خۆیداوەو، لەبەشی دووەمیشدا (9) بەڵێن هەیەو، لەبەشی سێیەمیشدا (33) بەڵێن دراوەو، لەبەشی چوارەمیشدا (80) بەڵێن و بەشی پێنجەمیش (35) بەڵێن لەخۆ دەگرێت. بەم شێوەیە کۆی گشتی بەڵێنەکانی لیستی (105) ی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەگاتە (183) بەڵێن.

بەشێك لەم بەڵێنانە پێوەندییان بەپەرلەمانی کوردستانەوە نییە، بەو مانایەی بەڵێن نین بۆ دانانی یاسایەکی پەرلەمانی، یا دەرکردنی بڕیارێکی پەرلەمانی، بەڵکو بەشێکن لەکاری حکومەت، وەکو دەزانین جیاوازی هەیە لەنێوان بەڵێنەکانی هەڵبژاردن کە لیستەکان بەدەنگدەری خۆیانی دەدەن، لەگەڵ بەرنامەی حکومەت کە لەلایەن هاوپەیمانی حکومییەوە پێشکەش بەپەرلەمانی کوردستان کراوە.

بۆ نموونە، بەشێك لەبەڵێنەکانی لیستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان، بریتییە لەوانەی خوارەوە:

- "کارکردن بۆ دیاریکردنی سنووری باشووری کوردستان، بەجێبەجێکردنی مادەی (140) ی دەستووری عێراقی فیدرال".
- "ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی لەعێراق و هەرێمی کوردستان".
- "دەسپێکردنەوەی بڕیاری پێدانی سلفەی عەقار".

ئەم سێ خاڵە، نموونەیەکی زۆر بچووکن لەبارەی گشتگیری بەڵێنەکان و ئەستەمی جێبەجێکردنیان، چونکە پێوەندییان بەکاری پەرلەمانییەوە نییەو بەرپرسیارێتی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بۆیە ئەو بەڵێنانەی لیستی (105) ی یەکێتی داویانەتە دەنگدەرانیان، بەشێکن لەکارنامەی حکومەت و پێوەندییان بەکاری پەرلەمانییەوە نییە، کە لەسەر سێ بنەما وەستاوە کە بریتین لە (یاسادانان، پەسندکردنی بودجەو حیساباتی کۆتایی، چاودێری کاری حکومەت). لەگەڵ ئەوەشدا، بەڵێنەکانی لیستی یەکێتی لەهەندێك خاڵدا، نزیکن لەوەی بەڵێنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی بن، چونکە جەخت دەکەنە سەر دارشتنی یاسای تازەو، هەموارکردنەوەی هەندێك یاسای پێشتر، ئەوەش بنەمای سەرەکی کاری پەرلەمانییە.

جگە لەم تێبینییانە لەبارەی بەڵێنەکان، ئێستا بەچەند خاڵێك ڕادەی جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی لیستی یەکێتی دەخەینە ڕوو:

1) لەماوەی یەك ساڵی تەمەنی خوولی پێنجەمی پەلەمانی کوردستاندا، لیستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەکۆی (183) بەڵێن کە بەدەنگدەرانی خۆیدا بوو، تەنیا یەك بەڵێنی بەشێوەیەکی تەواو جێبەجێکردووە، کە بریتی بوو لەبەجینۆساید ناساندنی تاوانەکانی دەوڵەتی ئیسلامی بەرانبەر بەئێزیدییەکان. ئەم بەڵێنە لەدانیشتنی ژمارە (3) ی نا ئاسایی ساڵی یەکەم لەخوولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، لەڕۆژی (2019/8/3) دا، بەبڕیاری ژمارە (11) ی پەرلەمانی کوردستان دەرچوو، کە تێیدا پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا ڕۆژی (8/3) ی هەموو ساڵێك، بەڕۆژی جینۆسایدی ئێزدییەکان لەسەر دەستی دەوڵەتی ئیسلامی دیاری بکرێت.
2) کار بۆ جێبەجێکردنی یەکێك لەبەڵێنەکانیتریش کراوە کە تایبەت بوو بە "وەگەڕخستنی دۆسیەی دەستوورو پەسندکردنی دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ هەرێمی کوردستان". بۆ

جێبەجێکردنی ئەم بەڵێنە، لیستی یەکێتی لەسەر ئاستی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەنگاوێکی هاوێشتووە، بەڵام هەنگاوەکە لەساڵی یەکەمدا زۆر لەسەرەتادایەو، دیار نییە کەی دەگاتە قۆناغی کۆتایی کە بریتییە لەپەسندکردنی دەستوورو ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەبارەیەوە، بۆیە ئەگەرچی کاری بۆ کراوە، بەڵام جێبەجێ نەکراوە.

3) یەکێك لەو بەڵێنانەی کە لیستی یەکێتی بەدەنگدەرانی خۆیدا بوو، بریتی بوو لە "نەهێشتنی پاشەکەوتی مووچەو پابەند بوون بەپێدانی مووچەی مانگانە وەکو ئیستیحقاقێکی وەزیفی لەنێویشیاندا مووچەی خانەنشینان و بەساڵاچووان و مامۆستایان و فەرمانبەران، گەڕاندنەوەی تەواوی مووچە پاشەکەوتکراوەکانیان". بەشێکی ئەم بەڵێنە لەساڵی یەکەمی تەمەنی پەرلەمانی کوردستاندا بەدیهاتووەو جێبەجێکراوە کە بریتی بوو لەهەڵوەشاندنەوەی سیستەمی پاشەکەوتکردنی مووچە. بەڵام، بەشێکی تری ئەم بەڵێنە هێشتا جێبەجێ نەکراوە کە تایبەتە بەگێڕانەوەی مووچە پاشەکەوتکراوەکان.

## سێیەم: لیستی ژمارە (148) ی بزوتنەوەی گۆڕان.

بەرنامەی لیستی بزوتنەوەی گۆڕان لە (4) تەوەر پێکهاتووە، هەر تەوەرێك دابەش دەبێتە سەر کۆمەڵێك بەش و سێکتەری جیاواز، بەجۆرێك بەرنامەکە ئەوەندە فراوانەو ئەوەندە بەڵێنی هەڵبژاردنی تێدایە کە هەندێکیان جێبەجێکردنیان ئەستەمەو، هەندێکی تریشیان هیچ پێوەندی بەکاری پەرلەمانی کوردستانەوە نییە.

ئەو بەڵێنانەی بزوتنەوەی گۆڕان بەدەنگدەرانی خۆیداوە، ئینجا لەتەوەری یەکەمدا (33) بەڵێنی هەڵبژاردنی بەدەنگدەرانی خۆیداوەو، لەتەوەری دووەمیشدا (72) بەڵێن هەیەو، لەتەوەری سێیەمیشدا (56) بەڵێن دراوەو لەتەوەری چوارەمیشدا (67) بەڵێنی هەڵبژاردن لەخۆ دەگرێت. بەم شێوەیە کۆی گشتی بەڵێنەکانی لیستی (148) ی بزوتنەوەی گۆڕان، دەگاتە (228) بەڵێن، بەزۆرترین بەڵێنی هەڵبژاردنی نێو چوار لیستە سەرەکییەکەی پەرلەمان دادەنرێت.

بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی لیستی بزوتنەوەی گۆڕانیش هەر وەکو بەڵێنەکانی لیستی پارتی و یەکێتی، بەشێکی زۆری ئەم بەڵێنانەیان پێوەندییان بەپەرلەمانی کوردستانەوە نییە، بەو مانایەی بەڵێن نین بۆ دانانی یاسایەکی پەرلەمانی، یا دەرکردنی بڕیارێکی پەرلەمانی، بەڵکو بەشێکن لەکاری حکومەت، وەکو دەزانین جیاوازی هەیە لەنێوان بەڵێنەکانی هەڵبژاردن کە لیستەکان

بەدەنگدەری خۆیانی دەدەن، لەگەڵ بەرنامەی حکومەت کە لەلایەن هاوپەیمانی حکومییەوە پێشکەش بەپەرلەمانی کوردستان کراوە.

بۆ نموونە، بەشێك لەبەڵێنەکانی لیستی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان، بریتییە لەوانەی خوارەوە:

- "پێداگیری لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان بەپێی ستراتیژییەکی نیشتیمانی و بەپشتبەستن بەدەستوورو بەڵگەنامەو ڕاستییە مێژوویی و جوگرافییەکان، بەتایبەت پرسی کەرکوك و چارەسەرکردنی بەگوێرەی مادەی (140) ی دەستووری عێراق".
- "دامەزراندنی دەستەیەك بۆ گێڕانەوەی ئەو پارانەی بەنایاسایی براونەتە دەرەوەی هەرێم".
- "لەماوەی یەك مانگدا خاوەندارێتی هەردوو پاڵاوگەی بازییان و کەڵەکە بدرێتەوە بەحکومەتی هەرێم".
- "سپاردنی پرسی پەسندکردنی بودجە بەپەرلەمان".

ئەم چوار خاڵە، نموونەیەکی زۆر بچووکن لەبارەی گشتگیری بەڵێنەکان و جێبەجێ نەکردنیان، چونکە بەشێکیان پێوەندییان بەکاری پەرلەمانییەوە نییەو بەرپرسیارێتی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستانە، پرسی بودجەش تا ئێستا دوای یەك ساڵ لەهەڵبژاردنی پەرلەمان نەهاتۆتە پەرلەمان، بۆیە بەشێکی زۆر لەو بەڵێنانەی لیستی (148) ی بزوتنەوەی گۆڕان داویانەتە دەنگدەرانیان، بەشێکن لەکارنامەی حکومەت و پێوەندییان بەکاری پەرلەمانییەوە نییە، کە لەسەر سێ بنەما وەستاوە کە بریتین لە (یاسادانان، پەسندکردنی بودجەو حیساباتی کۆتایی، چاودێری کاری حکومەت). لەگەڵ ئەوەشدا، بەڵێنەکانی لیستی گۆڕان لەهەندێك خاڵدا، نزیکن لەوەی بەڵێنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی بن، چونکە جەخت دەکەنە سەر داڕشتنی یاسای تازە، یا هەموارکردنەوەی هەندێك یاسای پێشتر، ئەوەش بنەمای سەرەکی کاری پەرلەمانییە.

جگە لەم تێبینییانە لەبارەی بەڵێنەکان، ئێستا بەچەند خاڵێك ڕادەی جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی لیستی گۆڕان دەخەینە ڕوو:

1) لەماوەی یەك ساڵی تەمەنی خوولی پێنجەمی پەلەمانی کوردستاندا، لیستی بزوتنەوەی گۆڕان هیچ یەکێك لەم (228) بەڵێنەی جێبەجێ نەکردووەو بەدینەهێناوە، کە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا بانگەشەی بۆ کردووە.

2) کار بۆ جێبەجێکردنی یەکێك لەبەڵێنەکانی بزوتنەوەی گۆڕان کراوە کە تایبەت بوو بە پرسی "دەستوورو پەسندکردنی دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ هەرێمی کوردستان". بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەڵێنە، لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەنگاوێکی بچووك هاوێشتراوە، بەڵام هەنگاوەکە لەساڵی یەکەمدا زۆر لەسەرەتادایەو، دیار نییە کەی دەگاتە قۆناغی کۆتایی کە بریتییە لەپەسندکردنی دەستوورو ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەبارەیەوە. بۆیە ئەگەرچی کاری بۆ کراوە، بەڵام جێبەجێ نەکراوە.

3) لەسەر پرسی هەڵگرتنی پاشەکەوتی مووچەش کە یەکێك بوو لەبەڵێنەکانی لیستی گۆڕان و بەدەنگدەرانی خۆیدا بوو، بەشێکی ئەم بەڵێنە لەساڵی یەکەمی تەمەنی پەرلەمانی کوردستاندا بەدیهاتووەو جێبەجێکراوە، کە بریتی بوو لەهەڵوەشاندنەوەی سیستەمی پاشەکەوتکردنی مووچە. بەڵام، جێبەجێکردنی ئەم بەڵێنە پێوەندی بەلیستی گۆڕانەوە نەبوو، بەڵکو لەلایەن کابینەی پێشتر بڕیاری لەبارەیەوە درابوو، کە گۆڕان بەشداری تێدا نەبوو، بۆیە ئەگەر دەسکەوتێك لێرەدا هەبوو بێت، بۆ گۆڕان نەبووەو هی پارتی و یەکێتی بووە وەکو دوو هاوبەش لەحکومەتی پێشتردا.

### چوارەم: لیستی ژمارە ( 134 ) ی نەوەی نوێ.

بەرنامەی لیستی نەوەی نوێ لەسەر شێوەی نامیلکەیەکی قەبارە مامناوەندی (150) لاپەڕەییدایەو لەپێشەکییەك و (50) بەڵێنی هەڵبژاردن پێکهاتووەو ئاماژە بۆ ئەوەشکراوە کە ئەوە بەرنامەی چوار ساڵە. هەر بەڵێنێك لەم بەڵێنانە بەوردەکاری زۆرەوە نوسراونەتەوەو، بەرنامەو بەڵێنەکانیش زۆربەیان پێوەندییان بەلایەنی ئابووری و پیشەسازی و بازرگانی و بانکییەوە هەیە، بەجۆرێك بەرنامەکە ئەوەندە فراوانەو ئەوەندە بەڵێنی هەڵبژاردنی تێدایە کە هەندێکیان جێبەجێکردنیان ئەستەمەو، هەندێکی تریشیان هیچ پێوەندی بەکاری پەرلەمانی کوردستانەوە نییە.

ئەو بەڵێنانەی نەوەی نوێ بەدەنگدەرانی خۆیداوە، هەر وەکو بەڵێنی لیستی پارتی و یەکێتی و گۆڕان، بەشێکی زۆری ئەم بەڵێنانەیان پێوەندییان بەپەرلەمانی کوردستانەوە نییە، بەو مانایەی بەڵێن نین بۆ دانانی یاسایەکی پەرلەمانی، یا دەرکردنی بڕیارێکی پەرلەمانی، بەڵکو بەشێکن لەکاری حکومەت، وەکو دەزانین جیاوازی هەیە لەنێوان بەڵێنەکانی هەڵبژاردن کە لیستەکان بەدەنگدەری خۆیانی دەدەن، لەگەڵ بەرنامەی حکومەت کە لەلایەن هاوپەیمانی حکومییەوە پێشکەش بەپەرلەمانی کوردستان کراوە.

بۆ نموونە، بەشێك لەبەڵێنەکانی لیستی نەوەی نوێ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان، بریتییە لەوانەی خوارەوە:

- "ڕەخساندنی 150,000 هەزار هەلی کاری نوێ".
- "دابینکردنی 24 کاتژمێر کارەبای بەردەوام بۆ هاوڵاتیان"
- "دروستکردنی 20 بەنداو لەهەرێمی کوردستان".
- "دروستکردنی 20 نەخۆشخانەی 200 قەرەوێڵەیی".
- "دروستکردنی سێ پاڵاوگەی نوێ لەهەرێمی کوردستان".
- "ناشتنی 80 ملیۆن نەمام و بەرزکردنەوەی رێژەی سەوزایی".
- "کەمکردنەوەی قوربانییانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ".
- "دامەزراندنی سێ بانکی ئەهلی گەورە لەهەرێمی کوردستان".
- "بەرزکردنەوەی توانای بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ بۆ 10 ئەوەندە".

ئەم نۆ خاڵەی لێرەدا خراونەتە ڕوو، نموونەیەکی زۆر بچووکن لەبارەی گشتگیری بەڵێنەکان و ئەستەمی جێبەجێکردنیان، چونکە بەشێکیان پێوەندییان بەکاری پەرلەمانییەوە نییەو بەرپرسیارێتی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەشێکی تریشیان ڕاستەوخۆ پەیوەستن بەکارنامەی حکومەت و پێوەندییان بەکاری پەرلەمانییەوە نییە، کە لەسەر سێ بنەما وەستاوە کە بریتین لە (یاسادانان، پەسندکردنی بودجەو حیساباتی کۆتایی، چاودێری کاری حکومەت). لەگەڵ ئەوەشدا، بەڵێنەکانی لیستی نەوەی نوێ لەهەندێك خاڵدا، نزیکن لەوەی بەڵێنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی بن، چونکە جەخت دەکەنە سەر داڕشتنی یاسای تازە، یا هەموارکردنەوەی هەندێك یاسای پێشتر، ئەوەش بنەمای سەرەکی کاری پەرلەمانییە.

جگە لەم تێبینییانە لەبارەی بەڵێنەکان، ئێستا بەچەند خاڵێك ڕادەی جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی لیستی نەوەی نوێ دەخەینە ڕوو:

1) لەماوەی یەك ساڵی تەمەنی خوولی پێنجەمی پەلەمانی کوردستاندا، لیستی نەوەی نوێ هیچ یەکێك لەم (50) بەڵێنەی جێبەجێ نەکردووەو بەدینەهێناوە، کە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا بانگەشەی بۆ کردووە.

2) لەسەر پرسی "نەهێشتنی قەیرانی مووچەو گێڕانەوەی مووچەی تەواوی فەرمانبەران" کە یەکێك بوو لەبەڵێنەکانی لیستی نەوەی نوێ و بەدەنگدەرانی خۆیدا بوو، بەشێکی ئەم بەڵێنە لەساڵی یەکەمی تەمەنی پەرلەمانی کوردستاندا بەدیهاتووەو جێبەجێکراوە، کە بریتی بوو لەهەڵوەشاندنەوەی سیستەمی پاشەکەوتکردنی مووچە. بەڵام، جێبەجێکردنی ئەم بەڵێنە پێوەندی بەلیستی نەوەی نوێ نەبوو، بەڵکو لەلایەن کابینەی پێشتر بڕیاری لەبارەیەوە درابوو، کە نەوەی نوێ بەشداری تێدا نەبوو، بۆیە ئەگەر دەسکەوتێك لێرەدا هەبوو بێت، بۆ نەوەی نوێ نەبووەو، هی پارتی و یەکێتی بووە وەکو دوو هاوبەش لەحکومەتی پێشوودا.

کۆتایی

## لەبارەی ڕێکخراوی لیکۆڵینەوەو گەشە پێدانەوە ( RDO )

ڕێکخراوێکی ناوخۆیی سەربەخۆی نا حکومییە، ئیش لەسەر لێکۆڵینەوەو گەشەپێدان لەهەرێمی کوردستان دەکات و، لەساڵی (2011) دامەزراوەو، تا ئێستا ئەم چالاکییانەی خوارەوەی ئەنجامداوە:

- ڕاپرسی لەشارەکانی هەرێمی کوردستان لەبەرژەوەندی د. بەرهەم سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوینی ساڵی (2011).
- ڕاپرسی دووەم لەشارەکانی هەرێمی کوردستان لەبەرژەوەندی د. بەرهەم سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرەتای ساڵی (2012).

- پڕۆژەی ڕاهێنانی ڕۆژنامەنووسانی گەنج لەشاری هەولێر بۆ ماوەی یەك هەفتە، بەهاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوی (گەیاندن) و هاوکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی (2012).
- پڕۆژەی تواناسازی سەرکردەی گەنجی ژنان بەهاوکاری ڕێکخراوی (گەیاندن) لەشاری هەولێر ساڵی (2012).
- چاودێریکردنی پڕۆژە بڕیاری (1) ی ساڵی (2012) کە ناسراوە بەبڕیاری (17) خاڵی پەرلەمانی کوردستان لەساڵی (2012 ـ 2013)، بەهاوکاری ڕێکخراوی (NED) ی ئەمریکی.
- پڕۆژەی چاودێرکردنی بەڵێنی لیستە براوەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ساڵی (2013).
- جێبەجێکردنی پڕۆژەی لێکۆڵینەوەو گەشەپێدانی کچانی تەمەن (12 ـ 16) ساڵ، بەهاوبەشی (ICDW) و بەپاڵپشتی فەرمانگەی ڕێکخراوەکان لەکوردستان لەساڵی (2013 ـ 2014).
- جێبەجێکردنی تواناسازی کچانی ئێزیدی لەبواری فۆتۆگرافی لەکەمپی خانکێی شاری دهۆك، بەپاڵپشتی (UNICEF) و حکومەتی ئیتالی لەساڵی (2015).
- بەشداریکردن وەکو چاودێری نێودەوڵەتی لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی تونس لەساڵی (2015).
- جێبەجێکردنی پڕۆژەی تواناسازی میدیایی کچانی ئێزیدی و دۆکیۆمێنتکردنی پڕۆژەی بونیادنانی ئاشتی لەنەینەوا بەهاوکاری (UNDP) و (UPP) لەساڵی (2016).
- جێبەجێکردنی (3) وۆرکشۆپ و (5) پێشانگای فۆتۆگرافی بۆ کچانی ئێزیدی لەزانکۆی ئەمریکی لەسلێمانی و لەفەرەنساو لەئیتالیا، بەهاوکاری (UNICEF) لەساڵی (2016 ـ 2017) دا.
- جێبەجێکردنی وۆرکشۆپ و ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی دەرهاویشتە ساسییەکانی ڕیفراندۆم لەسەر هەرێمی کوردستان، پێشهات و دەرفەت و ئاستەنگەکان و، ناردنی بۆ هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم لەهاوینی ساڵی (2017) لەشاری سلێمانی، بەهاوکاری ڕێکخراوی (PAO).

- جێبەجێکردنی وۆرکشۆپ و ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی دەرهاویشتە ئابوورییەکانی ڕیفراندۆم لەسەر هەرێمی کوردستان، پێشهات و دەرفەت و ئاستەنگەکان و، ناردنی بۆ هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم لەهاوینی ساڵی (2017) لەشاری سلێمانی، بەهاوکاری ڕێکخراوی (PAO).
- بەشداریکردن لەچاودێریکردنی بەڕێوەچوونی پرۆسەی ڕیفراندۆم لەهەرێمی کوردستان ساڵی (2017)، لەچوارچێوەی تۆڕی شەمس بۆ چاودێری هەڵبژاردنەکان.
- بەشداریکردن لەچاودێریکردنی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەهەرێمی کوردستاندا لە (2018/5/12) دا، لەچوارچێوەی تۆڕی شەمس بۆ چاودێری هەڵبژاردنەکان.
- بەشداریکردن لەچاودێریکردنی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەهەرێمی کوردستاندا لە (2018/9/30) دا، لەچوارچێوەی تۆڕی شەمس بۆ چاودێری هەڵبژاردنەکان.
- نووسینی لێکۆڵینەوەیەک بەزمانی عەرەبی بۆ (تۆڕی هاوپەیمانی کەمینەکان لەعێراقدا) لەبارەی ئایینی زەردەشتی لەساڵی (2018).
- ئەنجامدانی ڕاپرسییەک لە(29) چاکسازی لە (11) شاری عێراق و، نووسینی لێکۆڵینەوەیەک بەزمانی عەرەبی بۆ (تۆڕی دادپەروەری بۆ بەندییەکان لەعێراق)، لەبارەی گەڕانەوە بۆ سەر تاوان لەعێراقدا لەساڵی (2018).
- ئامادەکردنی ڕاپرسی و لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی دەرهاویشتە ساسییەکانی بەشداری نەکردنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەهەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستانداو، ناردنی بۆ هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم لەساڵی (2019)، بەهاوکاری ڕێکخراوی (PAO).
- ئەنجامدانی ڕاپرسییەک لەنێو چاکسازییەکان و، نووسینی لێکۆڵنەوەیەک لەبارەی ئالوودە بوون بەمادەی هۆشبەر لەهەرێمی کوردستان و چاپکردنی وەکو کتێبێك لەساڵی (2019)، بەهاوکاری ڕێکخراوی (PAO).
- چاودێریکردنی ڕادەی جێبەجێکردنی بەڵێنی لیستە براوەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی (2018)، لەماوەی یەک ساڵدا.